# بۆچڕووکی عەمامە!

کەیهان عەزیز

بژی حەوزە، بژی سەدر و سیستانی، بژی شەریعەتَ، بژی ئیسلام.

ئەمەی دەیبینین لە عێراقدا هیستیریای بەشێکی زۆری کۆمەڵگای گەوجکراوی عیراقە.هیستیریاو ریکلام بۆ عەمامە، بۆ کەواوسەڵتە، بۆریشی بۆچرووک وکەرِوواوی .ئەم دیمەنە شەرماوەرانەی لەمیدیاکانەوە دەیانبینین، شتێک نییە جگەلە دەرخستن وئاشکرابوونی رادەی پێگەیشتن وکێوینەبوونی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای عێراق.

بڕواننە ئەو رۆژە شوومەی کەمەجلسی حوکم (لەبری 8مارس)، رۆژی لەدایکبوونی "زەهرا"ی شۆڕەژنی کردە رۆژی ژنان!.

بڕواننە دوایین رۆژەکانی دەسەلاتی ئایەتوڵلا حەکیم و بڕیارە شاکاروجەنگەڵی و ئەنتی(یاسای 137)ژنانەکەی!.

بڕواننە ئەو مەجلسی دەسەلاتەی کەوەک بەرە شڕەکە ، هەر نۆرەوخوولی سەرۆکێکی هات، ئەوبەرەشڕەبەلای خۆیدا رادەکێشێت ، تەنها کورد نەبێت!!.

ئەمە گایە یان ئەندامی کۆمەڵگایە؟؟!

کابرا دەرچووی دانیشگایە، وەلێ وێنەی ئایەتوڵلایەکی کەرِواوی هاوچەشنی داینەسۆر هەڵبرِیووەو، بەددانێکی شکاوەوە هاوار دەکا دەمانەوێت حەوزەبمانبات بەرێوە!. واتە جاران مێگەلی بابەسەددام بووین ئێستاش نامانەوێت ئامریکا شوانمان بێت، دەمانەوێت حەوزە لێمانخوورێت! (واو ، لەم دیسکەڤەرە، داونلۆدیکە یاشێخ!!).

لە TV دا، دەمروانیە سەروچاوی ساپۆرتکەرانی ریش وحەوزەوعەمامە!، زووربەیان ددانیان نەشتبوو.ددانەکانیان زەرد ئەچۆوە.چەند کەسێکی دی بەددانی شکاوەوە لەپێناوی دیموکراسی وهەڵبژاردنی زووهەنگاودا!!!هاواریان دەکرد، فیت فیت فیدراڵی فتت دەکەین فیدراڵی.سەدروسیستانی وسۆنەر دەبێ بچنەجێی بریمەر، بڕوخێ ئامریکا، هەیزەهرا هەی زەهرا شۆڕەژن هەی زەهرا! .

ئەم دیمەنەی کەدیتم، منی خستەوە بیری چەند مانگ بەر لەئێستا ، کاتێک سووپاشڕەکەی مەهدی لە بەغدا ، نمایشێکی نیزامیان ، گوایەبۆچاوترساندنی هێزەکانی ئامریکا ، بەفەرمانی ئایەتوولای هەرزەکار(سەدر)سازدا!، کەلە راستیدا ئەویش سەربەقووری دەخستە پێکەنین!.سوپاکەی ئیمامی زەمان بە دزداشە و نەعل (دەمپاییە)وە هەندێکیان بەکەوشی ئەدیداسی قەیتانبچراو وبەکلانشیکۆفێک ویەک خشابەوە، نمایشی هێزیان لەبەرانبەر هێزەکانی ئیستکباری جیهانخۆردا دەکرد!!!.

لەوەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری هەفتەنامەی هاوکاری(نەک هاووڵاتی)دا، کە ئاراستەی سەربازێکی بێ قەیتانی سوپا رووتەڵەکەی مەهدی کردبوو، کە تۆ چۆن دەتوانی بەبێ بەندیکەوش(قەیتان) لەگەڵ سوپای ئامریکای جیهانخۆردا بجەنگیت؟؟!!

گووتی:_ئیسلام لەقەیتان بەهێزترە. من سەربازێکی ئیمامی زەمانم، خاوەنی باوەرم وبەباوەرچەکدارکراوم.سنگم قەڵغانە تەنها ئایەتوولاسەدر بفەرمویت یا بکۆکێت ، ئێمە خۆمان دەتەقێنینەوە.ئیدی قەیتان چیە!. لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا: گەر سەدر خەڵکی وەک ئێوە جەسووری هەبوو، چما بەر لە ئامریکای جهانخۆر، فەرمانی جهادی نەداو رژێمی سەدامی نەرووخاند؟!

_ئەوە مەرجەعیەت دەیزانێت واتە ئایەتوولاهوالعوزما سەدر یا سیستانی.

_چما نالێیت سەدروسۆنەر ببورن ، سیستانی دەیانزانی، وەلێ نەیاندەوێرا لەبەرانبەر سەدامدا بکۆکن؟؟!

_قسەم نەما، پەرچەمی شۆرە ژن زەهرا بەرزکرایەوە، بابرۆم فریاکەوم، ئەوە بۆم لەپرسیارەکانی تۆ پێویسترە.

هەی زەهرا هەی زەهرا شۆڕەژن هەی زەهرا.....!!.

Ejanson

2004–01–25